*Journal of Language Studies* Vol.8, No.1, 2024, Pages (174-195)
DOI: https://doi.org/10.25130/lang.8.1.8

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Applying Morphological Theory to Dialects of Kurdish Language

**Zino Bikhtiyar Hashim***
**Salahaddin University-Erbil/ College of Languages**
zhino.hashim@su.edu.krd

**&**
**Prof. Dr. Atif Abdullah Farhadi**
**Salahaddin University-Erbil/ College of Languages**
atif.farhad@su.edu.krd

**Received:** 14 /6 / 2023, **Accepted:** 31 / 7 /2023, **Online Published: 31 / 1/ 2024**

## Abstract
Dialects and languages in the world are categorized according to various theories and typologies, and morphological theory is one of them. In this study, the development phases of this theory are illustrated, from its founder to the linguists that developed it. This study is a practical effort in which the dialects of Kurdish Language are applied in the shade of the morphological theory with elaborated examples in accordance with both holistic and partial approaches, as the two approaches of the mentioned theory. In addition, this study shows the enrichment of the dialects of Kurdish Language having all types from the holistic approach with dominance of the dialects in one type, and the

* **Corresponding Author**: Zino Bikhtiyar, **Email**: zhino.hashim@su.edu.krd
**Affiliation**: Salahaddin University - Iraq
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

attractiveness of the dialects from the perspective of gender, for example, from the partial approach.

**Key Word :** Morphology, Typology, Dialects, Holistic Approach, Partial Approach

# تطبيق النظرية المورفولوجية للهجات اللغة الكردية

**أ. م. ژينو بختيار هاشم**

**جامعة صلاح الدين–اربيل/ كلية اللغات**

**و**

**أ. د. عاطف عبدالله فرهادي**

**جامعة صلاح الدين–اربيل/ كلية اللغات**

**المستخلص**

قسمت لهجات ولغات العالم وفقا لنظريات وتصنيفات مختلفة، وتعتبر النظرية المورفولوجية إحدى هذه النظريات، يقدم هذه البحث خطوات تطوير هذه النظرية، من مؤسسها إلى اللغويين الذين طوروها، يعتبر هذا البحث محاولة عملية يتم من خلالها تطبيق النظرية المورفولوجية للهجات اللغة الكردية وتحليلها بأمثلة وفق المنهجين العام والجزئي، وهما نهجان متطوران لهذه النظرية، كما تسلط هذه الدراسة الضوء على ثراء اللهجات الكردية في وجود أمثلة من جميع أنواع النهج الشمولي، مع هيمنة اللهجات في نوع واحد وحالة المثيرة للأهتمام للهجات من حيث الجنس، على سبيل المثال، في النهج الجزئي.

**<u>الكلمات الدالة:</u>** مورفولوجي، تصنيف، اللهجات، النهج الشمولي، النهج الجزئي.

## بەتیۆریکردنی زارەکانی زمانی کوردی بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆجی

م. ی. ژینۆ بختیار هاشم
زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر/ کۆلێژی زمان
و
پ. د. عاتف عبدالله فرهادی
زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر/ کۆلێژی زمان

**پوختە**

زار و زمانەکانی جیهان بەپێی تیۆر و پۆلێنیّ جیاجیا دابەشکراون، تیۆری مۆرفۆلۆجی یەکێکە لەو تیۆرانە. لەم توێژینەوەیەدا هەنگاوەکانی پەرەسەندنی ئەم تیۆرە خراوەتەڕوو، هەر لە دامەزرێنەری تیۆرەکەوە، تاکو ئەو زمانەوانانەی کە پەرەیان پێداوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی کارەکییە، کە تیایدا زارەکانی زمانی کوردی لەژێر ڕۆشنایی تیۆری مۆرفۆلۆجیدا بەتیۆری کراون و بە نمونە شیکراونەتەوە بەپێی هەردوو ڕێبازی گشتگیر و بەشی، کە دوو ڕێبازی پەرەسەندوی ئەم تیۆرەن. هەروەها ئەم توێژینەوەیە دەوڵەمەندی زارەکانی زمانی کوردی لە هەبوونی نمونەی هەموو جۆرەکانی ڕێبازی گشتگیر دەردەخات، لەگەڵ باڵادەستی زارەکان لە جۆرێکیاندا و سەرنجڕاکێشی زارەکان لەڕووی ڕەگەزەوە، وەک نمونە، لە ڕێبازی بەشییدا.

**<u>وشەی سەرەکی:</u>** مۆرفۆلۆجی، تایپۆلۆجی، زار، ڕێبازی گشتگیر، ڕێبازی بەشیی.

**پێشەکی**

**ئامانجی توێژینەوەکە:** هەوڵێکە بۆ دەرخستنی هەنگاوەکانی پەرەسەندنی تیۆری مۆرفۆلۆجی و دەوڵەمەندی زارەکانی زمانی کوردی بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆجی، بەڕێبازی گشتگیرو بەشی.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکاری- ساینکرۆنییە و تیۆری مۆرفۆلۆجی لەژێر ڕۆشنایی دەربڕینی قسەپێکەرانی زارەکاندا دەستنیشاندەکات، لەبەرئەوەی توێژینەوەکە ئێستای زارەکان دەگرێتەوە، پێویستی بەکاری مەیدانی و چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆی دانیشتوانی ناوچەکان بووە.

**سنوری توێژینەوەکە:** لەزاری سەرووودا دهۆک وەک بنەما. لەزاری ناوەڕاست سلێمانی و لەزاری خواروو خانەقین و لەزاری گۆرانیشدا هەورامی لهۆن تەوێڵە وەک بنەما دەستنیشانکراون

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** جگە لەپێشەکی و سەرچاوە و ئەنجام لە دووبەش پێکهاتووە: **بەشی یەکەم:** بریتیەلە (مۆرفۆلۆجی، تیۆری مۆرفۆلۆجی، سەرهەڵدانی تیۆری مۆرفۆلۆجی و دامەزرێنەری بیری تیۆرەکە، هەنگاوەکانی فراوانبوونی تیۆری مۆرفۆلۆجی تا پۆلینکردنی زمان، پۆلینکردنی زمانەکان بەپێی ئاستەکانی زمان، تیۆری مۆرفۆلۆجی لە Morphological Typologyدا) **بەشی دووەم:** بریتییەلە (بەتیۆریکردنی زمان و زار، ڕێبازەکانی تیۆری مۆرفۆلۆجی، بەتیۆریکردنی زارەکانی زمانی کوردی بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆجی)

**بەشی یەکەم: (تیۆری مۆرفۆلۆجی و هەنگاوەکانی فراوانبوونی تیۆرەکە)**

### ١-١- مۆفۆلۆجی:

مۆفۆلۆجی وەک بەشێک لە لایەنە سەرەکییەکەی ڕێزمان لە ناو زماندا وردبوونەوەی لەبارەوە دەکرێت و بریتییە لە پێکهاتەی وشەکان یان بەشێکی وشەکان و مەبەستیش لە مۆرفۆلۆجی زمانێک بریتییە لە شێوەی دەرکەوتنی فۆڕمی بەندیی لە نێوان پێکهاتەکانی زمانێکدا، بۆیە دەتوانین بڵێین شێوە دروستبووەکان یان فۆڕمی بەندیین یان وشەن. (Bloomfield: 1984).

### ١-٢- تیۆری مۆرفۆلۆجی:

تیۆری مۆرفۆلۆجی بریتییە لەو تیۆرەی، کە لەسەر بنەمای شێوازی مۆرفۆلۆجی زمانەکان و جیاوازی و لێکچونیان لەناو زمانە جیهانییەکان، بە وردبوونەوەیەکی سەرتاسەری هاتوەتە ئاراوە. ئەم وردبوونەوەیەش لەسەر بنەمای جۆریەتی مۆرفۆلۆجی زمانەکان بنیاتنراوە، نەک پەیوەستبوونی بە لایەنە سروشتییەکانی ژیان.

### ١-٣- سەرهەڵدانی تیۆری مۆرفۆلۆجی و دامەزرێنەری بیری تیۆرەکە:

بۆ یەکەمجار لێکۆڵینەوە لەم لایەنە و دەرخستنی بیری ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ

**Wilhelm Friedch Von Schlegel** ((کاتێک لە ساڵی ١٨٠٨ز F. Schlegel لێکۆڵینەوەکەی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی **On the language and the learning of Indians**، کە تیایدا جەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگی لێکۆڵینەوە لە پێکهاتە ناوەکییەکانی زمان، بەهۆی ئەو تیشکەی، کە دەکرێت بخرێتە سەر پەیوەندییە بۆماوەییەکەی)) (ر. ه. روبنز. تر. أحمد عوض: ١٩٩٧: ٢٤٦). شلیگڵ یەکێک بووە لە زمانەوانانی قوتابخانەی بەراوردکاری و لەسەر ئەو بنەمایەی کەوا زمانەکان لێکچون و جیاوازییان هەیە و لێکچون لەوەی کە بنەڕەتیان بۆ یەک دەگەڕێتەوەو، جیاوازی لەو بوارانەی، کە هۆکارە دەرەکییەکان و ناوەکییەکان بەرهەمیاندەهێنن.

**Friedrich Schlegel** لەسەر پێوەری جۆرییەتی ڕێزمانی و لایەنی مۆرفۆلۆجی زمانەکان زمانەکان دابەشی سەر دوو جۆر دەکات:

(١. زمانە گەردانکراوە ئەرکیەکان Flectional Languages

٢. زمانە ناوگرییە گیرەکدارەکان Affixal Languages

هەرچی جۆری یەکەمە ئەو زمانانە دەگرێتەوە، کە لەڕێگەی گۆڕانکاری ناوەکی Introflection پەیوەندی لەنێوان وشەکان دەردەبڕن. جۆری دووەمیش ئەو زمانانەن کە گیرەک Affix بەکاردەهێنن بۆ دەربڕینی پەیوەندی نێوان وشەکان) (Lívia Körtvélyessy: 2017: 42).

ئەم جیاکردنەوەیە و سەرنجدانەی زمانەکان بووە بنەما و بنەڕەتێک بۆ دروستبوونی تیۆری مۆرفۆلۆجی، کە بە جۆرییەتی مۆرفۆلۆجی زمانەکانیش ناوزەندەکرێت Typological Morphology of Language.

بۆ کارکردن لەم بوارە لە نزیکترینیان براکەی بوو بە ناوی **August von Schlegel**، کە ئەمیش جۆرێکی تری بۆ جۆرییەتی مۆرفۆلۆجی زمانەکان زیادکردو بوونە سێ جۆر، ئەوانیش:

١. زمانە گەردانیەکان Flectional Languages

٢. زمانە ناوگرییە گیرەکدارەکان Affixal Languages

٣. زمانێکی بێ پێکهاتەی ڕێزمانین/ زمانە دابڕاوەکان Languages without any Grammatical Structure

**١-٤- هەنگاوەکانی فراوانبوونی تیۆری مۆرفۆلۆجی، تا پۆلینکردنی زمان:**

تیۆری مۆرفۆلۆجی تەنها بەم دابەشکردنانە نەوەستا، بەڵکو کاتێک چونە ناو ڕۆنانی ناوەوەی زمانەکانەوە بۆیاندەرکەوت، کە دەکرێت دابەشکردنی تریش بکرێت، لەوانەش هامبۆڵت – Wilhem von Humboldt، کە هاوسەردەمی ئەم دوو برایە بوو، هەروەها ئۆگەست شلایخەر.

-*لای هامبۆڵت* ((سەرنج لەسەر تایبەتمەندیەکانی بنیاتی زمانەوانی لە خاڵێکی کاتیی دیاریکراودایە دوور لە گەشەکردنە مێژووییەکان، پێشینەی داوە بە لێکۆڵینەوە ئێستاییەکان)) (نعمان بوقرة: ٢٠٠٩: ٦٢).
ئەمە *لای شلایخەر* جیاواز بوو، چونکە لای شلایخەر لەسەر بنەمای تیۆری درەختی، زمانی دایک یەکێک بوو لەلایەنە هەرە گرنگەکان بۆ کارکردن لەسەر زمان و بەم شێوازە زمانەکانیان لەسەر بنەمانی مۆرفۆلۆجی دابەشکردووە. (Lívia Körtvélyessy: 2017: 42-43)

| **هامبۆڵت:** | **شلایخەر** |
|---|---|
| ١. زمانە گەردانیەکان | ١. زمانە دابڕاوەکان |
| ٢. زمانە دابڕاوەکان | ٢. زمانە نوساوەکان |
| ٣. زمانە تێکچڕژاوەکان | ٣. زمانە گەردانیەکان |

-*وەرچەرخانێک* لە ڕێبازی تایپۆلۆجی زمانەکان بە گشتی و لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە بە تایبەتی بریتییە لە کارکردنی ئێدوارد ساپیر **Edward Sapir**، چونکە ئەوەی ڕونکردەوە هەرچەندە خاسیەتەکانی زمانەکان دەکرێت گشتاندنیان بۆ بکرێت و بەیەک جۆری گشتی دابپۆشرێت، بەڵام پێویستە چەند پێوەرێک بۆ ئەم گشتاندنە دابنرێت. بەشێوەیەکی گشتی بۆ زمان سێ پێوەر دەستنیشان دەکات. (Edward Sapir: 1921: 150-151)

١. پێوەری ڕێزمانی ٢. پێوەری تەکنیکی ٣. پێوەری پێکهاتە

بەڵام بە شێوەیەکی تایبەت لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە دوو پێوەر دەستنیشاندەکات کە بریتین لە:

*١ .* پێوەری تەکنیکی Index of Technique*:* لەم پێوەرەدا پرسیار ئەوەیە چۆن مۆرفیمەکان وشە دروستدەکەن. زمانەکان دابەشکراون بۆ:

أ- زمانە دابڕاوەکان Isolating Languages ب- زمانە نوساوەکان Agglutinating Languages پ- زمانە گەردانیەکان Fusional Languages ت- زمانە سمبوڵییەکان Symbolic Languages

*٢ .* پێوەری پێکهاتەیی Index of Synthesis*:* پرسیار لەم پێوەرە ئەوەیە، چەند مۆرفیم لە یەک وشەدا هەن و بەم پێیەش (٣) سێ جۆر زمان جیا کراونەتەوە: أ- زمانە شیکارییەکان Analytic Language ب- زمانە پێکهاتەییەکان Synthetic Languages پ- زمانە تێکچڕژاوەکان Polysynthetic Languages

**- ڤلادیمێر سکالیچکا – Vladimir Skalicka** یەکێکی تر بوو لەو کەسانەی لەم بوارە کاری دەکرد و لە سەدەی (١٩) نۆزدە گرنگی بەم دابەشکردنە داوە، بەڵام هەر لەسەر بنەمای ڕێبازی گشتی و، بەم شێوازە زمانەکان بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆجی دابەشدەکات:

١- زمانی نوساو Agglutinative Languages ٢- زمانی گەردانی Inflectional Languages٣- زمانی دابڕاو- زمانی شیکاری Isolating Languages- Analytic Languages٤- زمانی تێکچڕژاو Polysynthetic Languages ٥- زمانی ناوگریەکان Introflective Languages (Lívia Körtvélyessy: 2017 : 48-49).

- جگە لەمانە گرنگترین دابەشکردن لە ڕێبازی گشتیدا بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆجی دەگەڕێتەوە بۆ F. N. Finck و F. N. Finck . Joseph Greenberg لە دوو ڕوانگەوە سەیری کار دەکات و پێی وایە، کە کاری قسەکردن لە دوو کرداری سەرەکی پێکهاتووە، دەبێت لەم دوو ڕوانگەیەوە کاری لەسەر بکرێت: (أ- شیکردنەوە: شیکردنەوەی ڕوداو یان کار بۆ پێکهاتەکانی.

ب- پێکهاتە: بنیاتنانی ڕوداوێک، تەواوکراوە بە بەکارهێنانی هەندێک لە یەکەکان.) (أحمد مؤمن: ٢٠٠٥: ٩٨)

وردتر بڵێین، واتە دەرخستنی ڕوداوێک لەچەند پێکهاتە پێکدێت لە زمانێکدا، چونکە هەندێک زمان دەتوانرێت بەیەک پێکهاتە مەبەستەکە بگەیەنێت وەک لە کوردی/ دەمبات**.** لەیەک پێکهاتە پێکهاتووە. لە ئنگلیزی/ .He will take me بە چوار پێکهاتە دەردەبڕدرێت.

هەر لەسەر ئەم بنەمایە لەسەر پێکهاتەی شتەکان وشەکان کاری دەکرد لەنێوان زمانەکان و پوختی کردەوە لەوەی، کە زمانەکان هەشت پۆلن:

((١- دابڕاوی ڕەگ Root- Isolating وەک چینی.

٢- دابڕاوی قەد Stem- Isolating وەک ساموائی.

٣- گەردانکراوی ڕەگ Root- Inflected وەک عەرەبی.

٤- گەردانکراوی قەد Stem- Inflected وەک ئەغریقی.

٥- گەردانکراوی گرووپی Group- Inflected وەک جۆرجی.

٦- بێ ئامرازی لێکدەر Juxtaposing وەک ئەسیوبی.

٧- نوساو Agglutinative وەک تورکی.

٨- تێکچڕژاو Incorporating وەک ئەسکیمۆ.)) (أحمد مؤمن: ٢٠٠٥: ٩٨)

- هەنگاویکی تر لەڕێبازی گشتیدا لەلایەن **جۆزێف گرینبێرگەوە- Joseph Greenberg** - ڕویدا، چونکە لەم ڕوانگەیەوە ڕێبازەکەی بەرەو بیری نوێ برد، لەژێر کاریگەری دابەشکردنە مۆرفۆلۆجییەکەی ساپیر و هەوڵیدا زیاتر گرنگی پێبدات هەر لەسەر بنەمای تیۆری مۆرفۆلۆجی، تاکو گەیشتە ئەوەی ڕێبازی چەندایەتی Quantitative هێنایەکایەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

ڕێبازی چەندایەتیش بریتییە لەو ڕێبازەی، کە تیایدا چەند زمانێك هەڵدەبژێردرێت، بۆ کارکردن لەسەریان، بەکەرەستەی لەیەکچوو لە پیکهاتەدا، لەڕووی ژمارە و لەسەر بنەمای چەند پێوەرێك کارەکە ئەنجام دەدرێت و هەژماریان بۆ دەکرێت.

پێوەرەکانی ڕێبازی چەندایەتی لای گرینبێرگ، لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە بریتین لە ١٠ دە پێوەری سەرەکی، کە ئەمانە دەگرێتەوە:

((پێوەری پێکهاتەیی Index of Synthesis، پێوەری نوساوی Index of Agglutination،

پێوەری لێکدراوی Compounding Index، پێوەری داڕێژراوی Derivational Index،

پێوەری گشی گەردانی GrossInflectional Index، پێوەری پێشگری Prefixal Index،

پێوەری پاشگری Suffixai Index، پێوەری دابڕاوەکان Isolational Index،

پێوەری تایبەتی گەردانیPure Inflectional Index پێوەری سازانی Concordial Index)) (Greenberg: 1960: 185). ئەم پێوەرانە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو بۆ ڕێکخستنی کارەکە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە دەستنیشانکردنی کەرەستە و زمانەکان بەرچاوڕوونییەکی تەواویان بەکارەکە دەبەخشی، تاکو وای لێهات لای زۆر لە زمانەوانان گرینبێرگ بەرەو تیۆرێکی نوێ هەنگاوی نا، هەروەها ((شیکردنەوەی مۆرفیمی دەکاتە میکانیزمی جیاکردنەوەی زمانەکان))(حەیدەر حاجی خدر: ٢٠١٠: ١٩)، جگە لەمەش لەڕوانگەی تیۆری مۆرفۆلۆجییەوە تێکەڵاوی جۆریەتی زمانەکانی بۆ دەرکەوت و بەو شێوازە خستیە ڕوو، کە ڕەنگە هەرزمانێك دوو جۆریەتی مۆرفۆلۆجی بگرێتە خۆی (Lívia Körtvélyessy: 2017: 46-48)، بەم شێوازەی خوارەوە:

١- شیکاری، دابڕاو: Analytic /Isolating وەك زمانی چینی. ڤێتنامی. کەمبۆدی. ئینگلیزی.

٢- پێکهاتەیی/ ئەرکی-گەردانی: Synthetic /Inflectional وەك یۆنانی. لاتینی. سانسکریتی. ڕوسی. سلۆڤاکی. پۆڵەندی.

٣- پێکهاتەیی/ نوساو: Synthetic /Agglutination وەك فیللەندی. هەنگاری ئیستۆنی. تورکی. سەواهێلی.

٤- تێکچڕژاو: Polysynthetic وەك چوکچی. ئێینوو. مۆهۆك.

٥- ناوگری: Introflective وەك عیبری. عەرەبی. ئەفریقی

کاتێک کە گەیشتە ئەم هەنگاوە بەتەواوەتی دەبێتە پۆلینکردنی زمانەکان بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆجی. هەر لەسەر ئەم بیرۆکەیە پۆلینکرنی ئاستەکانی تر و دابەشکردنی جۆری و بۆماوەیی و جوگرافیش هاتەکایەوە.

**١-٥- پۆلینکردنی زمانەکان بەپێی ئاستەکانی زمان:**

بەوردبوونەوە لە ئاستەکانی زمان بۆیان دەرکەوت، کە دەتوانرێت جیاوازی لەنێوان زمانەکان ببینرێت، بۆیەش دابەشکردنی زمانەکان لەڕووی تایپۆلۆجییەوە ٥ پێنج لایەنی گرتەوە، ئەوانیش:-

١- پۆلینکردنی دەنگسازی Phonological typology

٢- پۆلینکردنی مۆرفۆلۆجی Morphological typology

٣- پۆلینکردنی ڕستەسازی Syntactic typology

٤- پۆلینکردنی وشەیی Lexical typology

٥- پۆلینکردنی ناوچەیی Areal typology

**١-٦- تیۆری مۆرفۆلۆجی لە Morphological Typology دا:**

لەئێستادا بۆ کارکردن لەسەر ئەم لایەنە دوو جۆر ڕێباز بەکاردێت:

**أ- ڕێبازی گشتگیر Holistic Approach:** هەموو ئەو دابەشکردنانەی لەتیۆری مۆرفۆلۆجیدا ئاماژەمان پێدا ڕێبازی گشتیان پیادەکردووە.

**ب- ڕێبازی بەشی Partial Approach:** ئەم ڕێبازە لەئێستادا زیاتر پەرەی پێدەدرێت لە تیۆری مۆرفۆلۆجیدا، ئەم ڕێبازەش ((سەرنج دەخاتە سەر پێکهاتەی ناوخۆیی زمانەکان و هەڵدەستێت بە بەراوردکردن و شیکارکردن و دەرخستنی جیاوازی پرۆسە مۆرفۆلۆجییە جیاجیاکان لە زمانە تاکەکاندا)) (Lívia Körtvélyessy: 2017: 45)، بەمەش دەکرێت وردتر کار لەسەر مۆرفۆلۆجی زمانەکان بکرێت، چونکە دەتوانرێت بەشێك لەزمانەکان دەستنیشانبکرێت و کاریان لەسەر بکرێت، نەك بەشێوەیەکی گشتی هەموو زمانەکان وەربگرین، چونکە زۆرجار ئەم گشتگیرییە لەبەر هەبوونی چەند سیفەتێکی مۆرفۆلۆجی لەیەك زماندا توشی کیشە و ڕەخنەمان دەکات و وامان لێدەکات تەنها شێوەی گشتگیری مۆرفۆلۆجی زمانەکە وەرگرین.

**بەشی دووەم: (بەتیۆریکردنی زارەکانی زمانی کوردی بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆجی)**

**٢-١- بەتیۆریکردنی کردنی زمان و زار:**

بریتییە لە پیادەکردنی بیری تیۆرێک لەسەر زار و زمان، کە ئایا زار یان زمانەکە دەکەونە کوێی ئەم تیۆرە و چۆن ئەم تیۆرەی لەسەر پیادە دەکرێت لە ڕوانگەی دابەشبوون و بڵاوبوونەوەیان.

**٢-٢- ڕێبازەکانی تیۆری مۆرفۆلۆجی:**

فراوانکراوی تیۆری مۆرفۆلۆجی شڵیگڵ لە ئێستادا بووەتە پۆلینکردنی مۆرفۆلۆجی زمانەکان Morphological Typology بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە کاری لەسەر دەکرێت. کە لە ئێستادا دوو ڕێبازی سەرەکی هەن بۆ دەستنیشانکردنی پۆلی زمانەکان و جۆری زمانەکان، ئەوانیش:-

١- ڕێبازی گشتگیر. ٢ - ڕێبازی بەشی.

هەر بۆیەش ئەم دوو ڕێبازەی تیۆری مۆرفۆلۆجی لەسەر زارەکانی زمانی کوردی پیادەدەکرێت.

***١- ڕێبازی گشتگیر:*** لە ڕێبازی گشتگیردا زمانەکانی جیهان بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆجی دەکرێنە (٥) پێنج پۆلی سەرەکی، کە لە ئێستادا هەندێکیان دوانیی دەردەکەون و بریتین لە :-

١- پێکهاتەیی/ نوساو: وشەکانیان لە ڕەگ و ژمارەیەکی زۆری گیرەکەکان یەك لەدوای یەك پێکدێت، کە هەر مۆرفیمێکیان واتایەکی هەیە.

٢- دابڕاو: وشەکانیان تاك بڕگە و تاك مۆرفیمین زۆرجار لە ڕەگ پێکهاتووە.

٣- تێکچڕژاو: وشەکان زنجیرەیی دورودرێژی ڕەگ و گیرەکن، جار هەیە وشەیەك بەرامبەر ڕستەیەك دەوەستێ لەئینگلیزیدا

٤- پێکهاتەیی/ ئەرکی گەردانی: وشەکانیان پێکدێن لە ڕەگ و پاشگر، شێوازی سەرەکی دروستکردنی وشە بریتییە لە زیادکردنی گیرەك، کە گیرەکەکان ژمارەیەك جۆری ڕێزمانی پیشاندەدەن.

٥- ناوگری: ڕەگی وشە لە دەستەیەك پیتی نەبزوێن پێکدێت، کە عادەتەن واتای ئەو ڕەگە واتایەکی گشتییە، بزوێنەکان لەنێوان نەبزوێنەکاندا واتای ڕێزمانی دەردەبڕن.

***٢- ڕێبازی بەشی:*** بریتییە لەو ڕێبازەی، کە لەسەر بەشێک لە لایەنی مۆرفۆلۆجی زمانەکان یان زارەکان کاردەکان.

**٢-٣- بەتیۆریکردنی زارەکانی زمانی کوردی بەپێی تیۆری مۆرفۆلۆجی:**

**٢-٣-١- بەپێی ڕێبازی گشتگیر:**

**٢-٣-١-١- نوساو:**

**لە زاری سەروودا :-** لەگەڵ ڕەگ: دێچینەڤە ← دێ + چ + ین + ەڤە

↓ م.داهاتوو ↓ ڕەگ ↓ ج.لکاو ↓ م.دوبارە

**لەگەڵ قەد:** خویندەواری ← خویند + ەوار + ی

↓ قەد ↓ پاشگر ↓ پاشگر

**لەزاری ناوەڕاستدا :** لەگەڵ ڕەگ:

هەڵدەواسرێم ← هەڵ + دە + واس + ر + ێ + م

↓ پێشگر ↓ م.کات ↓ ڕەگ ↓ م.نادیار ↓ م.ڕانە نادیار ↓ ج.لکاو

لەگەڵ چاوگ: لێداخستن ← لێ + دا + خستن

پێشگر پێشگر چاوگ

**لەزاری خوارووداْ:** لەگەڵ ڕەگ: ( وەپیتنویسیمنەیان/ پێتیان دەنوسین)

وەپیتنویسیمنەیان ← وەپی + ت + نویس + یمن + ە + یان

پێشگر ج.لکاو/بە ڕەگ ج.لکاوبکەر بۆئاسانی ج.لکاو / بەرکار ڕا

لەگەڵ ناو: ( جانەوەر/ گیانەوەر ): جانەوەر ← جان + ەوەر

ناو پاشگر

**لەزاری گۆراندا: هەورامی بە نمونە:** لەگەڵ ڕەگ: (هورمگیریەی/هەڵدەگیرێیت):

هورمگیریەی ← هور + م + گیر + ی + ە + ی

پێشگر م.کات دە ڕەگ م.نادیار م.ڕانەبردو ج.لکاو(یت،تۆ)

لێکدراو: (پیرەژەنی/ پیرە ژن): پیرەژەنی ← پیر + ە + ژەنی

م.سەربەخۆ گیرەک م.سەربەخۆ

**٢-٣-١-٢-دابڕاو//** لەم جۆرە زمانانەدا وشەکان دابڕاون، لکاوی مۆرفیمی تێدانیە، بەڵکو وشە وشە دەوەستن بەرامبەر مۆرفیم مۆرفیم واتە ١وشە=١ مۆرفیم. لە زارەکانی زمانی کوردیدا، چەندەها مۆرفیمی سەربەخۆمان هەیە، کە بەرامبەر وشە دەوەستن و ئەم خاسیەتە دەگرنەخۆ.

| زاری سەروو | زاری ناوەڕاست | زاری خواروو | زاری گۆران،هەورامی |
|---|---|---|---|
| **ئاڤ = ١ مۆرفیم** | مار = ١ مۆرفیم | نخە= ١ مۆرفیم(نۆک) | بەن = ١ مۆرفیم(پەت) |
| **گول =١ مۆرفیم** | چاو = ١ مۆرفیم | کەو=١ مۆرفیم(شین) | وەر= ١ مۆرفیم(خۆر) |

لایەنێکی تری تایبەتمەندی ئەم جۆرە زمانانە بریتیە لەوەی کەوا ((ڕەگ لەم جۆرە زمانە، گیرەک وەرناگرێت. وەک لە کوردیدا : بەڵام، ئەگەر ، چونکە، بۆیە ...هتد)) (ڕەفیق شوانی: ٢٠١٤ : ٢٠٠). ئەم جۆرە دەرکەوتنە لەزمانی کوردیدا ژمارەیان سنوردارە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئەوەی وایکردووە، کە زمانی کوردی و زارەکانی بە تەواوەتی لە زمانە دابڕاوەکان هەژمار

نەکرێن بریتیە لەوەی کەوا لە زارەکانی زمانی کوردیدا لەسەر ئاستی مۆرفۆلۆجی نمونەی دابڕاوی زمانەکانی تێدایە، بەڵام بۆ پەیوەندی ڕێزمانی پێویستیمان بە گیرەک و مۆرفیمی لکاو هەیە، نەک وەک زمانە دابڕاوەکان کەوا تایبەتمەندی ئەوەیە ڕیزکردنی وشەکان پەیوەندی نێوانیان لە ڕستەدا دروستدەکات و بە یەکسانبوونی وشە و مۆرفیمەکان بەدوای یەکدا ڕستە دروست دەبێت. واتە / وشە وشە وشە ...هتد = ١ڕستە

١ مۆرفیم ١ مۆرفیم ١ مۆرفیم ...هتد = ١ڕستە

**بەڵام لە زارەکانی زمانی کوردیدا بەم جۆرە دەردەکەوێت :-**

هەرچەندە لە زارەکانی زمانی کوردیدا نمونەی ١مۆرفیم بەرامبەر ١ وشە زۆرن، بەڵام کێشەکە لەوەدایە، کە ڕیزبوونی وشەکان ڕوودەدات، پەیوەندی نێوانیان لەڕستەدا دروست ناکات و ١م≠١وشە، بۆ بینینی بەڵگەی ئەمەش نمونەی ڕستەیی دەخەینە ڕوو:

**لەزاری سەروودا: لەگەڵ فەرمانی ناتەواو:**

پایز ێ شەڤ درێژ ە .

١وشە=١ مۆرفیم ١ مۆرفیمی ڕەگەز ≠ ١وشە ١وشە=١ مۆرفیم ١وشە=١ مۆرفیم ١م≠١وشە

**لەگەڵ فەرمانی تەواو / لە ڕابردوودا:**

بوهار ێ زەڤی کەسک کر .

١وشە=١ مۆرفیم م١≠١وشە ١ وشە=١م ١وشە=١م لەشێوەی ١وشە≠ ١م بەڵکو= ٢م

**لە زاری ناوەڕاستدا : لەگەڵ فەرمانی ناتەواو :**

بەهار زەوی سەوز ە .

١وشە=١ مۆرفیم ١ وشە=١ مۆرفیم ١وشە=١ مۆرفیم ١وشە نیە=١ مۆرفیم

**لەگەڵ فەرمانی تەواو/ لە ڕانەبردوودا:**

خۆر زەوی ڕوناک دەکات .

١وشە=١م ١وشە=١م ١وشە≠١م=٢م لەشێوەی ١وشە≠ ١م بەڵکو=٣م

**لەزاری خوارووداː لەگەڵ فەرمانی ناتەواوː**

ئایەم قرتن گیل ە . (مرۆڤی ڕەزیل گێژە)

١وشە=١م ١وشە=١م ١وشە=١م ١م≠ ١وشە

**لەگەڵ فەرمانی تەواوː لە ڕابردووداː**

ئاسیرە عاسمانی ڕەبیین کرد .(ئەستێرە ئاسمانی جوان کرد)

١ وشە=١م ١وشە=١م ١م≠ ١وشە ١وشە=١م ١م،= ٢م ≠شێوەی ١وشە

**لەزاری گۆراندا - هەورامی : لەگەڵ فەرمانی ناتەواوː**

هامن دنیا گەرم ا . (هاوین دنیا گەرمە)

وشە=١م ١وشە=١م ١وشە=١م ١م≠ ١وشە

**لەگەڵ فەرمانی تەواو / لە ڕانەبردووداː**

وَاران زەمین سێر مەکەرۆ. (باران زەوی تێر دەکات)

١وشە=١م ١وشە=١م ١وشە=١م شێوە وشە≠ ١م، = ٣م

لەو جۆرە ڕستانەی، کە فرمانی تەواوی لەگەڵدایە، لە زارەکانی زمانی کوردیدا زۆربەیان دوو لایەن دروست دەکەنː

**لایەنی یەکەم/** فرمانەکە لە چەند مۆرفیمێک پێکدێت، هەرچەندە لە شێوەی وشەش دەربکەێت،

واتە یەک وشە ≠ یەک مۆرفیم

**لایەنی دووەم/** فرمانەکە زۆرجار مۆرفیمێکی زمانی بۆ یەکێک لە وشەکانی پێش خۆی دروستدەکات، کە خۆی یەک مۆرفیمە ≠ بە یەک وشە

**٢-٣-١-٣- تێکچڕژاو:**

پۆلە زمانی تێکچڕژاوەکان، هەروەک ناوەکەیان بەیەکداچون و تێکچڕژاون لەڕوی وشە و دەربڕینەکانیانەوە. وشەکانی ئەم جۆرە زمانانە بۆیە بە تێکچڕژاو هەژماردەکرێن، وشەی سادەنین و جگە لە کردار لایەنی تریش لەخۆدەگرن، بەڕادەیەک کە لەشێوەی ڕستە وشەکانیان دەردەکەون ((پەیوەندیە سینتاکسیەکان، بە هۆی گیرەکەکانەوە دەردەبڕدرێت، کە تێکەڵ بە یەک دەبن وشەیەک دروستدەکەن لەشێوەی ڕستەدا))(محمد مەعروف فەتاح. سەباح ڕەشید قادر :٢٠٠٦: ٩٠).
کار لایەنێکی گرنگە لەم زمانانەدا هەروەک زمانە نوساوەکان لە چەند مۆرفیمێک پێکدێن وتێکەڵاو دەبن لەگەڵ کارەکە دوای کورت بڕیان، کە ئەم جۆرە لەزمانی کوردیدا باڵادەستە.

**نمونە لەزارەکانی زمانی کوردیدا :**

**لە زاری سەروودا :** بە هۆی ئەوەی یەک کۆمەڵە جێناوی لکاوی تێدا هەیە، تێکچڕژاویەکەی بە پلەیەکی کەمترە، وەک لەزاری ناوەڕاست و خوارووی گۆران. بەم شێوەیەی خوارەوە :

**لە ڕانەبردوودا:**

ئەز وان دێ کڕمەڤە

دێ وان کڕمەڤە ← دێ + وان + کڕ + م + ەڤە

م.کات داهاتو ↓ ج.س(بەرکار) ↓ ڕەگ ↓ ج. لکاو(بکەر) ↓ م.دوبارە ↓

**لەزاری ناوەڕاستدا:** ئەم تێکچڕژاویە زیاترو زەقتر دەردەکەوێت وەک لەزاری سەروو، بەهۆی بوونی دوو کۆمەڵە جێناوی لکاو. وەک: **لە ڕابردووی بەردەوامدا:**

ئەوان منیان دەگەیاندەوە،

منیان دەگەیاندەوە

دەیانگەیاندمەوە ← دە + یان + گەیاند + م + ەوە

م.کات ↓ ج. لکاو(بکەر) ↓ قەد ↓ ج. لکاو(بەرکار) ↓ م.دوبارە ↓

**لە زاری خوارودا : لە ڕانەبردوودا:** (ئەسەنیمنەیانەو/ دەیانکڕینەوە)

ئیمە وانە ئەسەنیمنەو. ( ئیمە ئەوان ئەسەنیمنەو ) [1]

وانە ئەسەنیمنەو. ( ئیمە ئەوان ئەسەنیمنەو )

ئەسەنیمنەیانەو ← ئە + سەن + یمن + ە + یان + ەو

م.کات ↓ ڕەگ ↓ ج. لکاو(بکەر) ↓ بۆ ئاسانی ↓ ج. لکاو(بەرکار) ↓ م.دوبارە ↓

**لە زاری گۆراندا:** لەشێوەزاری هەورامیدا پرۆسەی تێکچڕژاوی بەرەو زیاتر دەچێت، لە دەرکەوتنی زیاتر ڕیزبونی مۆرفیمەکان بە شێوەیەکی دیار. بەتایبەتی لە نەرێدا. وەک:

**لە ڕانەبردوودا:** (مازوشاوَە/ دەیانهێڵمەوە)

من ئاژیشا مازوۆ.

ئاژیشا مازوۆ

مازوشاوَە ← م + از + و + شا + ەوَە

م.کات/ڕانەبردوو ↓ ڕەگ ↓ ج. لکاو(بکەر) ↓ ج. لکاو(بەرکار) ↓ م. دوبارە ↓

لەم نمونەیەی سەرەوەدا دەتوانرێت دوولایەن بخرێتە ڕوو لە هەورامیدا :

١- لە کاتی تێکچڕژاوکردنی مۆرفیمەکان مۆرفیمی دوبارەکردنەوە لە ( ۆ دەگۆڕێت بۆ ەوە)

٢- لەکاتی گۆڕینی بۆ نەرێ جگە لە دەرکەوتنی مۆرفیمی نەرێ، مۆرفیمی کاتی ڕانەبردوش بە ئاشکرا دەدەکەوێت، بەپێچەوانەی زارەکانی تر، لە کاتی نەرێدا مۆرفیمی ڕانەبردوو دەسوێت . بەم شێوەیەی خوارەوە: **لەنەرێدا :**

- نمازوشاوَە ← ن + م + از + و + شا + ەوَە

م.نەرێ ↓ م.ڕانەبردوو ↓ ڕەگ ↓ ج. لکاو(بکەر) ↓ ج. لکاو(بەرکار) ↓ م دوبارە ↓

**٢-٣-١-٤- ئەرکی:**

زمانە ئەرکییەکان بریتین لەو پۆلە زمانەی، کە وشەکانیان چەند مۆرفیمێک دەگرنەخۆیان و ((بە شێوەیەکی نەچەسپاوو نایاسایی هەر لە خۆوە دابەش دەبن بۆ مۆرفیمەکان)) (محمد مەعروف

١- تێبینی: لە جێناوە سەربەخۆکاندا، جیاوازی لەنێوان فەیلی زرباتییە و مەندەلی لەگەڵ خانەقینی ئەرائەرا خراوەتە ڕوو، ناو کەوانەکە ئەرائەرایە.

فەتاح، سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٦: ٢٠٢)، مۆرفیمەکانیان ئەرکدارن ویەک مۆرفیمی ئەرکی دەتوانێت زیاتر لە دەستەیەک ئەرکە مۆرفۆلۆجیەکان هەڵبگرێت. لە کۆتایی وشەکان بارە ڕێزمانیەکان لە ڕستەدا دەردەکەون و ((پەیوەندیە سینتاکسییەکانی نێوان وشەکانی ناو ڕستە کەیسەکان دەری دەبڕن)) (محمد مەعروف فەتاح، سەباح ڕەشید قادر : ٢٠٠٦: ٩٠).
لەزارەکانی زمانی کوردیدا فرە ئەرکی مۆرفیمێک لە پێکهاتەی ڕستەسازیدا، کە مۆرفیمێک چەند ئەرکێکی مۆرفیمی دەبینێت بەم شێوەیە دەردەکەوێت: ١مۆرف بەرامبە ٣ مۆرفیم دەوەستێت.

**لە زاری سەروودا:**

مالا چیمەنێ. لێرەدا (١) فرە ئەرکییە.

١- دۆخی خستنە سەرییە

٢- دەرخستنی تاکییە

٣- ڕەگەزی مێیە

**لە زاری ناوەڕاستدا:**

کوڕە وەرە. (ە) فرە ئەرکە

١- ڕەگەزی نێر

٢- دەرخستنی تاکییە

٣- بانگکردنە

**لە زاری خوارووردا :**

کورە بەو. (ە) فرە ئەرکە

١- ڕەگەزی نێر

٢- دەرخستنی تاکییە

٣- بانگکردنە

**لە زاری گۆراندا:**

کناچوۆ من زەریفەنە. (وۆ ) فرە ئەرکە

١- دۆخی خستنەسەرییە

٢- دەرخستنی تاکییە

٣- ڕەگەز مێیە

**٢-٣-١-٥- ناوگری:**

یەکێک لە بارە سەرەکییەکان، کە لەم زمانەدا بەدی دەکرێت ئەوەیە کەوا ((ناسنامەی بکەر و بەرکارو ... هتد بە مۆرفیم دیاری ناکرێ، بەڵکو بە هەندێ هێما دیاری دەکرێ، سەر و ژێر و بۆر، لە عەرەبیدا ئەم دیاردەیە تەواو هەژمونی بەسەر زمانەکەدا هەیە، کەچی لە زمانی کوردیدا نیە.)) (سەلام ناوخۆش: ٢٠٠٩: ٧٢) واتە هەبوونی فەتحە و ضەممە و کەسرە، لەزمانەکەدا ئەرکی وشەکە دەگۆڕێنێت .ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە ڕەگی وشەکان نەبزوێنە و بەهۆی

بزوێنەکانەوە گۆڕانکاری دروستدەکەن. لایەنێکی تری ئەم جۆرە زمانە ئەوەیە، کەوا بزوێنەکان لە ڕەگی وشەکان دەدەن، واتە ((گیرەکی ناوگر تیایدا ڕەگی وشەکان دەسمێت و وشەی نوێی لێوە دروستدەکات)) (ڕەفیق شوانی: ٢٠١٤: ٢٠٤)

وەک : کار ⟵ بکەر: کَتَب ⟵ کاتِب، ذهَب ⟵ ذاهِب

**لەزارەکانی زمانی کوردیدا:** لەبەر ئەوەی هەموو زارەکانی زمانی کوردی کار لەسەر – سەر و بۆروژێر- ناکەن و لە هیچکام لە زارەکاندا بونیان نیە، بۆیە گەر کار لەسەر هێنانەوەی نمونە بکەین لە زمانی کوردیدا بۆ پۆلە زمانی ناوگری ئەوا دەبێت کار لەسەر بزوێن بکەین .

**لە زاری سەرووداا:** هەندێک مۆرفیم هەن، کە ڕەگی وشە دەسمن، ئەرکێکی ڕێزمانی دەستنیشاندەکەن، یان واتای وشەکان دەگۆڕن، کە پێیان دەگوترێت ناوگر .

هەندێک نمونە لەم زارە وەک : / ا / کەلشتن ⟵ کەلاشتن، /ێ/ کشا ⟵ کێشا

**لە زاری ناوەڕاستدا:** وەک: /ا/ بڕین ⟵ باڕین /ۆ/ گڕین ⟵ گۆڕین

**لە زاری خوارووداا: /ە/** چو ⟵ چەو دو ⟵ دەو**لەزاری گۆراندا:**
لە هەورامیدا زۆر لە کارە ڕانەبردووەکان[2]، کە بۆ کەسی دووەمی تاک دەگەڕێتەوە بە سمینی کارەکە لە ڕێگەی / ا / کارەکەی دەگۆڕێت بۆ چاوگ. چاوگیش وەک ڕابردووی کەسی دووەمی تاک دەردەکەوێت لە زۆربەی کاتەکاندا لە تێنەپەڕ . وەک / ا /

تێپەڕ : تێنەپەڕ :

| کاری ڕانەبردوو/ ک ٢ تاک | چاوگ /کاری ڕابردوو ک٢ تاک | کاری ڕانەبردوو/ ک ٢ تاک | چاوگ |
|---|---|---|---|
| | | | |

2- لە کارە ڕانەبردووەکاندا زۆرجار مۆرفیمی ( دە – م -مە ) دەرناکەوێت لە هەورامانی لهۆندا، بۆیە ئەم بارە ڕودەدات، بەڵام لە تەخت و ژاوەڕۆدا، لەبەرئەوەی (م-مە) دەردەکەوێت ئەم بارە ڕونادات و لەو چاوگانەشدا، کە ڕانەبردووەکەیان (م) وەردەگرێت لە لهۆندا ئەم بارە ڕونادات .

| | | | |
|---|---|---|---|
| ژیوَی | ژیوَای | شێڵی | شێڵای |
| تەرسی | تەرسای | فاڕی | فاڕای |

/ ە / دەنگی بزوێنی / ە / کەمتر دەردەکەوێت بۆ ئەم مەبەستە ، بەڵام بوونی هەیە. وەک :

تێنەپەڕ :                                   تێپەڕ :

| | | | |
|---|---|---|---|
| کاری ڕابردووی ک۲تاک | چاوگ | کاری ڕانەبردووی ک۲تاک | چاوگ |
| کۆتی | کۆتەی | وەنی | وەنەی |

بەڵام لەباری تردا، بۆگۆڕینی ناو، کەمتر دەردەکەوێت. لەم نمونەدا هەم ئەرک هەم واتادەگۆڕن.

( تا ) یاو ← یاوا (کاری ڕابردووی سادە کەسی ۳ تاک – گەیشت )

( ژن ) ژەنی ← ژەنەی (چاوگ – داخست )

**۲-۳-۲- بەپێی ڕێبازی بەشی:**

بە تیۆریکردنی کرداره مۆرفۆلۆجیەکانی تیۆری مۆرفۆلۆجی بەپێی ڕێبازی بەشی، پەیوەستە بە پێکهاتە ناوخۆییەکانی زمانەکان لە پرۆسەی مۆرفۆلۆجیەکاندا، بەڵام بەشێوەیەکی بەشی کاری لەسەردەکات، واتە بەشێک لەلایەنە مۆرفۆلۆجیەکان لە بەشێک لە زمانەکان وەردەگرێت و کاری لەسەر دەکات، بۆنمونە:

١- لەڕوانگەی توخمەوە، لەچەند زمانێکی دیاریکراو، بۆ دەرخستنی جیاوازی و لێکچونی توخمی لەو زمانە. (بڕوانە: Corbertt: 2013)

٢- لە ڕوانگەی دارشتنی وشە، پێکاتەی وشە لە چەند زمانێکی دیاریکراودا.

٣- لە ڕوانگەی دۆخەکانەوە (case) لە چەند زمانێکی دیاریکراودا، یان هەرلایەنێکی تر.

**۲-۳-۲-۱- لەڕوانگەی توخمەوە:**

**له زاری سەروودا:** لەم زارەدا بۆ ناو (نێر ، مێ، دوولایەن) هەیە. وەک: زاڤا، کچک، کۆتر. بۆلایەنەکانی تری جگە لە گیانداریش، توخم ڕەگەز هەیە، وەک با/ نێرە- شەڤ/ مێیە.

**بایەکێ فێنک. شەڤەکا تاری. ێ مۆرفیمی نێرە، ا مۆرفیمی مێیە.**

**لەزاری ناوەڕاستدا:** بۆ ناوەکان لەم زارەدا چوارجۆر دەرکەوتن هەیە (نێر، مێ، دولایەن، بێلایەن)، جگە لە نێر و مێ کە دەردەکەون، هەرچی ئەوانی ترە یان دوولایەنن یان بێلایەنن. وەک: پیاو، ژن، ئەندازیار، شەو. مۆرفیمی جیاکەرەوە نییە.

**لەزاری خواروودا:** بۆ ناو (نێر ، مێ، دوولایەن، بێلایەن) وەک: بابا، دوێت، مناڵ، جەوەڵ. مۆرفیمی جیاکەرەوە نییە.

**له زاری گۆراندا:** لە هەورامیدا، (نێر، مێ، دوولایەن) هەیە، وەک: لالۆ، وێوە، ماساوَی. هەبوونی جیاکەرەوەی نێر ومێ لەناوی لایەنەکانی تری ژیانیشدا دەردەکەوێت. وەک: وَلی(گوڵ)/ مێیە، کەش(شاخ)/ نێرە. وَلێوَە وەشە. کەشێوَی وەش. **یوَە مۆرفیمی نەناسراوییە بۆ مێ، یوَ مۆرفیمی نەناسراوییە بۆ نێر.**

کەواتە لە زاری سەروو لەگەڵ زاری گۆراندا/ هەورامی، جگە لەهەبوونی مۆرفیمی جیاکەرەوە بۆ گیاندارە نێرو مێیەکان، بۆ ناوی لایەنەکانی تری ژیانیش مۆرفیمی جیاکەرەوە دەردەکەوێت.

**٢-٣-٢-٢- لە ڕوانگەی داڕشتنی وشەوە:**

لێرەدا سەرنج دەخرێتە سەر پێکهاتەی وشەکان و داڕشتنیان، لەم بارەیەوە لە لێکۆڵینەوە دەگمەنەکان بریتیە لە Štekauer et al. (2012) ، کە لەسەر بنەمای پێکهاتەی وشە ( Word Formation) کراوە بۆ (٥٥) زمان، کە نوێنەرایەتی ٣٣ خێزانی زمان دەکەن، لەم لێکۆڵینەوەیەدا (١٥٠٠) هەزاروپێنج سەد نمونەی لێکچون و جیاوازی لە نێوان زمانەکاندا ڕوندەکەنەوە.

گەر زارەکانی زمانی کوردی وەربگرین لە ڕووی پێکهاتە و داڕشتنی وشەوە دەتوانین فەرهەنگەکان بکەینە بنەما، وەک کۆکەرەوەی وشە بۆ هەرزارێک، بۆ نمونە گەر پێکهاتەو داڕشتنی وشەکانی هەورامی وەربگرین لەسەر بنەمای فەرهەنگی (وشەنامە) ئەوا بۆمان

دەردەکەوێت (٢١٣٥) دووهەزاروسەدوسی وپێنج وشەی دارێژراو، کە پێکهاتەی گیرەک دارن هەیە، ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی پێکهاتەی وشە و هەر لەسەر ئەم بنەمایە پێشگر و پاشگرداریش جیادەکرێتەوە و لەگەڵ زارەکانی تری زمانی کوردی بەراورد دەکرێت.

**وشەی دارێژراوی زاری هەورامیش نمونە وەک:** ئامایەرە/ ڕاهاتن. لەهەورامیدا (ەرە پاشگرە)، لەناوەڕاستدا بەرامبەری ڕا دەوەستێ و دەبێتە پێشگر (ڕا پێشگرە)، هەروەها بەرامبەر(دا)ش دەوەستێ، وەک ئاردەیەرە/ داهێنان. واتە لەڕووی واتاوە بەرامبەر دوو پێشگر دەوەستێت (ڕا، دا).

**ئەنجام:**

١- لە زارەکانی زمانی کوردیدا نمونەی هەموو جۆرەکانی ڕێبازی گشتگیری تیۆری مۆرفۆلۆجی- تایپۆلۆجی دەستدەکەوێت، بەڵام بە پلەی یەکەم لەجۆری تێکچڕژاو و بە پلەی دووەمیش لەجۆری لکاون.

٢- تیۆری مۆرفۆلۆجی تەنها لەئاستی ئاسۆییدا کاردەکات و خۆی لەئاستی ستونی دۆزینەوەی بنەڕەتی زمانەکان نادات.

٣- لەڕووی ڕەگەزەوە زمانی کوردی ناکەوێتە ژێر یەک پۆلینی دیاریکراو، گەر پۆلینی زمانەکان بکرێت لەسەر بنەمای ڕەگەز.

٤- تیۆری مۆرفۆلۆجی، گەیشتۆتە هەنگاوێکی وا گرنگ، کە دەتوانرێت لەسەر بیری ئەم تیۆرە، هەر کەرەستەیەکی تری ناوخۆیی زار و زمان لەهەر ئاستێک وەربگیرێت بۆ پۆلینکردنی زار و زمانەکان، وەک لە ڕێبازی بەشیدا بۆ کەرەستەکانی مۆرفۆلۆجی پیادە دەکرێت.

**سەرچاوەکان**

**بە زمانی کوردی:**

١- جمال حبیب الله (بێدار)، ٢٠١٠، وشەنامە–هەورامی– کوردی ناوەڕاست، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی سپێرێز، هەولێر.

٢- حەیدەر حاجی خدر، ٢٠١٠، تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی لەڕوانگەی پۆلینی مۆرفۆلۆژیانەی زمانەکانەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٣- ڕەفیق شوانی، ٢٠١٤، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی دووەم، کۆمەڵگای چاپخانەی داودی، کەرکوک.

٤- سەلام ناوخۆش، ٢٠٠٩، تایپۆلۆژیای زمان و زمانی کوردی، گۆڤاری زمانناسی، ژ٤و٥، هەولێر.

٥- محمد مەعروف فەتاح-سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٦، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

**المصادر**

٦- أحمد مؤمن، ٢٠٠٥، اللسانيات النشأة و التطور، الطبعة الثانية، ديوان المطبوعات الجامعية، الجزائر.

٧- ر. ه . روبنز. تر. احمد عوض،١٩٩٧، موجز تاريخ علم اللغة، سلسلة عالم المعرفة، الكويت.

٨- نعمان بوقرة، ٢٠٠٩، اللسانيات اتجاهاتها وقضاياها الراهنة، الطبعة الأولى، عالم الكتب الحديس للنشر والتوزيع، عمان.

**English References**

9- Bloomfield, L. (1984). *Language*. University of Chicago Editions.

10- Corbett, G. (2013). Number of Genders. In M. Haspelmath, M. S. Dryer (Eds.), The world Atlas of Language Structures Online. Leipzing: Max Plank Institute for Evolutionary Anthropology. Retrieved June 20, 2023, from (WALS Online - Chapter Number of Genders).

11- Greenberg, J. H. (1960) A Quantitative Approach to the Morphological Typology of Language. *International Journal of American Linguistics*, 26(3), 178-194.

12- Körtvélyessy, L. (2017). Essentials of language typology. Košice: *UPJŠ*. Available online.

13- Sapir, E. (1921). *Language. An Introduction to the Study of Speech*. New York: Harcourt, Brace.

14- Štekauer, P., Valera, S., & Kőrtvélyessy, L. (2012). *Word-formation in the world's languages: A typological survey*. Cambridge University Press.

**References**

1- Jamal Habeeb Allah (Bedar), 2010, *Wishanama- Hawrami- Central Kurdish*, Kurdish Academic Publications, Sperez Press, Hawler.

2- Haydar Haji Khudir, 2010, *Morphologic Characteristics of Kurdish Language from the Perspective of Morphological Typology of Languages*, MA Dissertation, Salahaddin University, Hawler.

3- Rafiq Shwani, 2014, *Morphology of Kurdish Language*, Second Edition, Dawdy Press Compound, Kirkuk.

4- Salam Nawkhosh, 2009, *Language Typology and Kurdish Language*, Zimannasi Magazine, No. 4-5, Hawler.

5- Mohammed Ma'aruf Fatah and Sabah Rasheed Qadir, 2006, *Some Morphological Aspects of Kurdish Language*, Roon Press, Silemani.

6- Ahmad Mu'min, 2005, *Linguistics, Origins and Development*, Second Edition, University Press, Algeria.

7- R. H. Robins, Translation, Ahmad Awaz, 1997, *A Concise History of Linguistics*, World of Knowledge Series, Al Kuwait.

8- Nu'man Bouqra, 2009, *Linguistics, Its Directions and Current Issues*, First Edition, Modern Books World for Printing and Distribution, Amman.